# مـاڵ..... نوسەرانی هۆڵەندی وکۆچبەران کۆدەکاتەوە

ئامادەکردنی: سەردار فەتاح ئەمین

ڕۆژی یەکشەممەی پێشوو 26-10-2008 لە هۆڵی دی بالی "De Balie" لە شاری ئەمستردام کتێبی"Thuis"، ماڵ یان نیشتمان، لە چاپکراوەکانی دەزگای بڵاوکردنەوەی ئەتڵەس و بە دەستپێشکەری ڕێکخراوی ئۆنفایل "On file" پێشکەش کرا.
"On file" ڕێکخراوێکە یارمەتی و کۆمەک بە ڕۆژنامەنوس نوسەرانی پەناهەندە و کۆچبەران دەکات، لە هۆڵەندە و بیرۆی سەرەکی لە ئەمستردامە.




بەرگی کتێبەکە

سێ ساڵە ڕێکخراوی ئۆنفایل سەرقاڵی بەرهەمهێنانی ئەم کتێبەیە، بەڵام کێشە وگرفتێکی زۆریان بەرەو ڕووەبووەوە بۆ بەدەستهێنانی سەرچاوەی یارمەتی ئەم پرۆژەیە، لە کۆتاییدا توانیان بەسەر ئەم گرفتەدا زاڵ بن، بە هۆی ئەو یارمەتییەی لە سندوقی کۆمەکی (شازادە بەرنارد)ەوە، لە شارەوانی ئەمستردام دەستیان کەوت، کە سندوقێکی هۆڵەندییە بۆ کۆمەکی ئەدەب و هونەر.

## هێلکەکەی ئۆنفایل:

ڕێکخراوی ئۆنفایل و دەزگای چاپ و پەخشی ئەتڵەس، کاژێر چواری پاش نیوەڕۆی ڕۆژی یەکشەممەی پێشوو ئاهەنگێکیان لە هۆڵی دی بالی "De Balie" لە ئەمستردام ڕێکخست، ژمارەیەکی زۆر، لەو هۆڵەندی و کۆچبەرانەی کە گرنگی بە ئەدەب دەدەن ئامادەی بوون.

ئامادەبووان گوێدێری ئاخاوتنی ئەو نوسەرانە بوون، کە بەشداری دانانی کتێبەکەیان کرووە، لەگەڵ چەند پارچە میوزیکێکی هونەرمەندی فەلەستینی (نزار ڕوحانا) بە عودەکەی و هونەرمەندێکی ئەندۆنیسی بە گیتارەکەی، پێش ئەوەی کتێبەکە لەسەر شانۆ پێشکەش بکرێت.
لە دانانی ئەم کتێبەدا 12 چیرۆکنووس بەشداریان کردووە، لە نێوانیاندا 4 نوسەری هۆڵەندی، ئەوانیش (کارین ئانیما)، (یولۆندا ئەنتۆس)، کە ئەم ساڵ خەلاتێکی بە نرخی جیهانی بە دەست هێناوە، (ئەنریکا خودابل) و( ویوهان یانسن فان خالن)ن، لەگەڵ ڕۆمانوسی میسری نیشتەجێی ئەمستردام ڕەووف مەسعەد، خاوەنی ڕۆمانی (هیلکەی نەعامە) و چیرۆکنوس و شانۆنوسیی عێراقی (صالح حەسەن فارس) و نوسەرانی ئێرانی (ناصر فاختە و شاروخ حیشمەت مانیش) و نوسەرانی بوسنی ئەنتونیۆ زلیکا، و نانسي میجونوفیتش و هەروەها لە ئێستگەی ڕادیوی هۆڵەندیش پێشکەشکەری بەرنامە بە ڕەچەڵەک لیبی عومەر ئەلکەدی بوون. بەشداری یان کرووە.
بیرۆکەی دەرکردنی ئەم کتێبە، هەندێک لە ئەندامانی ڕێکخراوەکەیە، کە خۆشیان بەشداریان تێدا کردووە، کتێبەکە هەر لە سەرەتاوە ناونیشانی (نیشتمان)یان بۆ هەڵبژارد، چونکە ناوەڕۆکەکەی ئاماژەیەکە لە میانەی ڕەنگدانەوەی نیشتمانێکی دووری نوسەرانی کتێبەکە و نیشتمانێکی جێگرەوە، کە ئێستا تێیدا دەژین.
دەقی ئەم چیرۆکانە ڕەنگدانەوەی ئەو بارودۆخەیە لە نیشتمانی نوسەراندا، کە گۆڕاوە بە دۆزەخێک، زۆربەی چیرۆکەکان بە زمانی خۆیان(دایک) نوسراون و وەرگێڕدراون بۆ هۆڵەندی، ئەو نیشتمانەی هەمیشە کۆچ بە نەوەکانی دەکات بە کوڕان و کچانیەوە و هیچ چارێکیان نییە جگە لەوەی لە غوربەتدا بو نیشتمان بلاوێننەوە. هەندێ جار لەم کتێبەدا بە تەنزەوە یان بە ئازار و توڕییەوە دەربارەی نیشتمان دواون، بەڵام ئەوی تێکڕای دەقەکان کۆدەکاتەوە، سەرباری چڕکردنەوەی ئەو موعاناتەی بۆ نیشتمان و بۆ بەرز ڕاگرتنی ئاستی دەقەکان، وای لە سەرپەرشتکاران کرد، ژمارەی بەشدار بووان لە 17 کەم بکەنەوە بۆ 12 نوسەر.

## هەندێ لە نووسەران لە سەرەتاوە دوودڵ بوون:

**بەڕێوەبەری جێبەجێکەری ڕێکخراوی ئۆنفایل (نیس مادیما) دەڵێ:**
گرنگترین گرفت، کە بەرەوڕوومان بووەوە، دڕدۆنگی نوسەران بوو بۆ ئەوەی دەقەکانمان بدەنێ، هەروەها ئەو خانەی بڵاوکردنەوە و سەرپەرشتی چاپکردنی کتێبەکەی گرتە ئەستۆ، لەو ماوەیەدا دوو جار منداڵی بوو، واتە لە ئەنجامدا تا کاتی بەرهەمهێنانی ئەو کتێبە، دوو منداڵ هاتنە دنیاوە، ئەمەش سەر بەخێر بوو، بەڵام بووە هۆی دواکەوتنی کتێبەکە. بێگومان لەگەڵ ئەوەشدا گرفتی دارایی و ڕازیکردنی نوسەرانمان هەبوو، بۆ نوسینی دەقەکانیان و گونجاندنیان لەگەڵ بیرۆکەی کتێبەکەدا دیارترین گرفت بوو، کە بەرەوڕوومان بووەوە.

**هەروەها دەربارەی ئەگەری دەرکردنی کتێبێکی دیکە(نیس مادیما) دەڵێ:**
بێگومان سەرکەوتنمان لەم کتێبەدا ڕێکخراوەکەمان هاندەدات و وامان لێدەکات بیر لە دەرکردنی کتێبێکی دیکەش بکەینەوە،بەڵام تا ئێستا نازانین، ئەو کتێبە چییە...؟
هەندێ لە نوسەرانی هۆڵەندی و ئەو نوسەرانەی لە دەرکردنی ئەم کتێبەدا بەشدارییان کردووە،

کۆبوونەوەیەکمان ئەنجامدا بۆ هەڵسەنگاندنی ناوەڕۆکی کتێبەکە و بیرمان لەوە کرۆتەوە بۆ هەنگاوی داهاتوو چی بکەین،چونکە بە دەرچوونی ئەم کتێبە ئێستا هەست بە کامەرانییەکی زۆردەکەم.

هەروەها سەبارەت ڕوانینی خوێنەری هۆڵەندی بۆ ئەم کتێبە (نیس مادیما) ووتی:
ناوەڕۆکی چیرۆکەکانی ئەم کتێبە بۆ ئەوە ڕاتدەکێشێت کە بزانی مانای ژیان چییە..؟؟ ئەوی ئەمڕۆ ماڵ و نیشتمان و خێزانی هەبێ، تەنانەت جەماوەری هۆڵەندیش، ئەم جۆرە چیرۆکانە کاریگەری لەسەریان هەیە و سەرنجیان ڕادەکێشێت.

## کاروانی نوسەران:

سەبارەت ڕێکخراوی ئۆنفایل بەڕێوەبەرەکەی دەڵێ: لە ڕێگەی ڕێکخراوەکەوە هەوڵ دەدەین دەنگی ڕۆژنامەنوس و نوسەرانی کۆچبەر و پەناهەندە لە هۆڵەندە لە ڕێگەی کارە ناوازە و شاکارەکانیانەوە ببیسترێت، بە هۆی ئەم کتێبەوە توانیمان هەندێک لەو دەنگانە لە هۆڵەندە بناسێنین و لە هەندێ شوێنی دیکەش بە هۆی مەشقی ڕۆژنامەنوسان و نووسەرانەوە لە ڕێگەی دەزگا و دامەزراوە هۆڵەندییەکانەوە، توانیومانە لە ناوەوە و دەرەوەی هۆڵەندا، ئەم بەیەکگەیشتنە ئەنجام بدەین.




هەوڵمانداوە نوسەران و ڕۆژنامەنوسانی کۆچبەران لەگەڵ کۆمەڵگای هۆڵەندییدا خۆیان بگونجێنن و بە دوای کارێکدا بۆیان دەگەڕێین، لە بواری پسپۆڕی خۆیاندا، کە پێش ئەوەی بگەنە هۆڵەندە تیدا شارەزابوون.
ڕێکخراوی ئۆنفایل سەرەتای مانگی ئۆکتۆبەری ئەمساڵ، ئاهەنگێکی خۆشی لە شێوەی خۆپێشاندان دا، بۆ ئەم کتێبە بە ناوی (کاروانی نوسەران)ەوە ڕێکخست، بە ئۆتۆمبێلێکی پاسی کۆنی سوور، کە تەمەنی 41 ساڵە بە ناو شاری ئەمستردامدا دەگەڕان و چەند نوسەرێکیان هەڵبژارد بوو، بۆ خوێندنەوەی چیرۆکەکانیان لە ناو ئۆتۆمبێلەکەدا، هەندێ جار شێوازی

نمایشی شانۆییان بۆ دروست دەکرد، ڕۆژی یەکشەممەی پێشوو لە کاتێکدا ئۆتۆمبیلەکە بە ناو شاری ئەمستردامدا دەگەڕا، نووسەری ئێرانی ناسر فکاتە ئەو چیرۆکەی دەخوێندەوە، کە بەوە دەست پێدەکات... لە بەیانییەکی بەهاری 1988دا، کە لە بەردەم وێستگەی سەرەکی شەمەندەفەری ئەمستردامەوە تێپەڕ دەبێ، بەڵام ژنە هاوڕێ ئێرانییەکەی (شاڕۆخ حیشمەت مانیش) لە کاتێکدا چیرۆکەکەی دەخوێنێتەوە کە ئۆتۆمبیلەکە بە کۆڵانە باریکەکانی ئەمستردامدا دەسوڕێتەوە و لەبەردەم قاوەخانەیەکی بچووکی ئێرانیدا دەوەستێت و فەرموو لە سەرنشینەکانی ئۆتۆمبیلەکە دەکات تا خۆراکی ئێرانی ناشتا بکەن و نوسەرە هۆڵەندییەکان دوودڵ نین ئەو خواردنە بەلەزەتانە تام بکەن، ئێوارانی سێشەممە و پێنج شەممە و هەینی، ئەو قاوەخانەیە دەبێت بە هۆڵی کۆڕگێڕان و بە زمانی فارسی و هۆڵەندی و ئینگلیزی چیرۆکی تێدا دەخوێنرێتەوە. ڕاستییەکەی ئەمستردام دریخی نەکردووە، لەو کۆچبەرانەی کە لە هەموو کونجێکی ئەم دنیایەوە بۆی هاتوون لێی نیشتەجێ بوون و گۆڕیویانە بە نیشتمانێکی ڕاستەقینەی خۆیان.